# سەردانی ئەلحەکیم بۆ کوردوستان

هیدایەت مەلا عەلی
hidayat_malaali@yahoo.com
2005 ـ 12 ـ 29

ناوەڕۆك و گرێکانی

ڕۆژی سێ شەممە 27 ـ 12 ـ 2005 "عەبدولعەزیز ئەلحەکیم" سەردانی کوردوستانی کرد , لەم سەردانەدا لە هەولێر و سەلاحەدین لە لایەن " مەسعود بەرزانی " و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردوستان و پەرلەمانی کوردوستانەوە بە گەرمی و بە شێوەیەکی بێ وێنە پێشوازی لێکرا , هەر لەم سەردانەیدا لە سنووری هەولێر کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ سازدراو , خەڵکی بۆ کۆکرایەوە و دیداری ڕۆژنامەگەری و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی بۆ ئەنجامدرا .
پاش کۆتای هاتنی سەردانەکەی هەولێری لە ڕۆژی 29 ـ 12 ـ 2005 ڕووی کردە سلێمانی و سەرەتا لە کۆیەو پاشان لە دوکان لە لایەن " جەلال تاڵەبانی " سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستانەوە پێشوازی لێکرا , بەهەمان شێوە لە سنووری سلێمانی و کۆیە کۆبوونەوەی لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆو زانایانی ئایینی بۆ ئەجامدرا , ئەو زانا ئایینیانەی کە پێشتر لە لایەن مەرجەعی " حەکیمەکانەوە " تەنها ئامادەبوو وێنەی یادگاریان لە گەڵ بگرێت و وەك فەزڵیش پێیان بفرۆشێتەوە .
سەردانی " ئەلحەکیم " بۆ کوردوستان ناوەڕۆکەکەی درێژ کراوەی هەمان پیلانە کە " شیعەی سیاسی " و " ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد " کێشاویانە بۆ دابەش کردنی دەسەڵات و داهات و پاوەن کردنی خەڵکی عێراق و کوردوستان لە چوارچێوەی دەستوور و یاسایەکی " ئیسلامی و قەومی " دا , بەناو هەڵبژاردنەکانی 15 ـ 12 ـ 2005 و ئەنجام و ئاکام و ڕووبەڕووبونەوەکانی ئەم دوایانەی کیان و لایەنە بەشداربووەکان لەم پرۆسەیەدا و , لێدوانەکانیان لە سەر تەزویر و دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن و ڕێپێوان بۆ بە ڕەسمی نەناساندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەرگای چوونە ناو دەسەڵات و حاکمیەتی هەردوو لایەنی پێکهێنەری حکوومەت و ئیئتلافی پێشووی " شیعەی سیاسی " و " ناسیۆنالیستی کوردی " زەحمەت کردووە , بۆیە هەردوو لا پێوویستیان بەوە هەیە دەمە زەردی پەیوەندی پێشوو بکەنەوە , بۆ ئەوەی بتوانن مسۆگەری دەسەڵات بکەن و خۆیان لە هەڕەشەو کێشمەکێشیان لەگەڵ نەیارەکانیان سەرکەووتوانە بێنە دەرەوەو زەمانەتی کۆنترۆڵی حاکمیەتیان بکەن . سەردانی" ئەلحەکیم " بۆ کوردوستان و پێشوازی بێ وێنەی دەسەڵاتدارانی کوردوستان بۆ کردنەوەی ئەو گرێیەیە کە لە کاتی پڕوپاگەندە کردن بۆ بەناو هەڵبژاردن لە ئاستی عێراق و کوردوستان هەردوو لا ئەنجامیانداو خەڵکیان پێ بردە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان , ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان بە سەرکردایەتی و ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانیانەوە بەردەوام خەریکی ئەوە بوون ئەو پەیامە بە گوێی خەڵکی کوردوستاندا بدەن , کە ئەگەر دەنگ نەدەن و ژمارەی کورسیەکانمان زۆر نەبێت ئەوا ئەنفالمان دەکەن و هەڵەبجە دووبارە دەبێتەوەو گۆڕی بە کۆمەڵ و سەرکووت بەشمان دەبێت , هێرش بۆ سەر " جەعفەری " و سیاسەتەکانی بووبووە سەر خەتی ووتاری ڕۆشنبیرانی سەر بەدەسەڵات و پەخشانەکانی پێ ئاو درابوو , مادەی " 58 " و جێبەجێ نەکردنی خرابوویە ئەستۆی " شیعەی سیاسی " و سیاسەتەکانیان لە دژی خەڵکی کوردوستان . ئاشکرایە ئەوەی کە دەبێتە خەتەرە لەسەر کۆمەڵگا ئەوانەن کە هێزیان هەیەو میلیشیای ڕێکخراویان پێکهێناوە , بۆیە لە ڕوانگەی ئەحزابی دەسەڵاتدارەوە لە کوردوستان ئەو هێزەی هەڕەشەیە لەسەر خەڵکی کوردوستان " شیعەی سیاسی " و لە سەرویانەوە ئەم جەنابانەن کە ئێستا پێشوازیان لێدەکرێت , ئەوا ئێستا" ئەحزابی قەومی کورد" و "شیعەی سیاسی " پێوویستیان بە هاوئاهەنگی و پێکهێنانەوەی ئیئتلاف و حکوومەت هەیە , لە ڕێگای پێکهێنانی ئەم حکوومەتە گرێیەك هەیە ئەویش ئەوەیە تا دوێنێ بە ترسی ئەمانە خەڵك برانە بەردەم سندووقەکان ئەوا ئێستاش بۆ دروست کردنی هاوپەیمانی دوژمنەکانی دوێنێ دەهێنرێنەوە , ئەم کارە بۆ چاوبەستی خەڵکی کوردوستان شانۆگەی و سیناریۆیەکی فریوکارانەی دەوێت وەك ئەوەی کە ئێستا لە کوردوستان لە لایەن " ئەلحەکیم " و ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردەوە ئەنجام دەدرێت . ئەگەر کەسێك هەر بە سەر پێیەکەوە گوێ لە قسەکانی " ئەلحەکیم " بگرێت بۆی ڕوون دەبێتەوە کە " ئەلحەکیم " دەیەوێت نارەزایەتی و ڕقی قوڵی خەڵکی کوردوستان لە سەرکووت و ئیسلامی سیاسی بڕەوێنێتەوە , بەکار هێنانی چەند جارەی ناوی " کوردوستان " و " فیدراڵیەت " و " سەرۆکی هەرێم " و "جێبەجێ کردنی مادەی 58" ئەو دەستەواژانەن کە زۆر بەبەرنامەوە بۆ ڕازی کردنی دڵی خەڵکی کوردوستان لە حیساباتی " ئەلحەکیم " دا بەکار ئەهێنران و ووشەی تازەتریش بەکار دەهێنێت . ئەوەی لێرەدا بۆ خەڵکی کوردوستان گرنگە ئەوەیە کە ناوەڕۆك و گرێی دەسەڵاتی ئەمانە هەرچی بێت پەیوەندی نیە بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی عێراق بە گشتی و کوردوستان بە تایبەتی , ئەمانە خەریکن نەخشەی جێبەجێ کردنی سیاسەت و جێخستنی دەسەڵاتی خۆیان دەکێشن , خەڵك لە قاموس و بەرنامەی ئەم هێزانەدا کە ئەمڕۆ خەریکی ئەم شانۆگەریەن هیچ نین بێجگە وەسیلەیەك , ڕۆژێك دوژمنی یەك و ڕۆژێك دۆستی یەکن , ڕۆژێك ئەیانترسێنن و ڕۆژێك هەڵیان ئەنێنن .
خەڵکی کوردوستان دەبێت لەم یاریە بە ئاگابن و مل بەم سیناریۆیە نەدەن , ئەمانە لە هۆڵ و ژوورەکاندا چۆن ڕێك دەکەون هیچ پەیوەندیەکی نیە بە ئاوات و ئارەزوویەك کە خەڵکی کوردوستان هەیانە , بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆ سەلب کردن و بێ ئیرادە کردنی خەڵکی عێراق و کوردوستانە لە دیاری کردنی چارەنووسیان بە دەستی خۆیان . تەنها ڕێگاچارە بۆ خەڵکی کوردوستان کۆبوونەوەیە لە دەوری خواستی جیابوونەوەی کوردوستان و پێکهێنانی دەوڵەتی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی .